# خەباتی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستان لە 3ی ڕەشەمەی 1377دا

ڕۆژی 3ی ڕەشەمەی 1377ی هەتاوی خەڵکی ئازادیخوازی شارەکانی کوردستانی ئێران لە ناڕەزایەتی بە دەست بە سەرکردن و ڕفاندنی عەبدوڵڵا ئۆجالان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان کە بە هاودەستی دەزگای ئەمنییەتی و جاسوسی ئەمریکا، ئیسرائیل و تورکیە ڕفێندرا و تەسلیمی تورکیە کرایەوە، دەستیان دایە ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان.

خەڵکی کوردستانی ئێران بەم ترۆریزمە ئاشکرا نێودەوڵەتیە بە حەق ناڕازی و وەخۆ کەوتن و دەنگی ئیعترازی خۆیان دەربڕی. کۆماری ئیسلامی کە هیچ کاتێک سیاسەتەکانی لە نێو خەڵکی کوردستاندا وەڵامی موسبەتی وەرنەگرتوەتەوە کاتێک کە هەستی بە تورەیی و ناڕەزایەتی جەماوری لە کوردستان لە دژی ئەو کردوە نامرۆڤانەیە کرد زۆر بێشەرمانە هەوڵیدا ئەم ناڕەزایەتیە جەماوەرییە بە قازانجی خۆی و دژایەتی لە چوارچێوەی سیاسەت و ئامانجەکانی خۆی لە بەرانبەر تورکیە، ئەمریکا و ئیسرائیل بە کار بێنێت. بەڵام خەڵکی هوشیارو ناڕازی کوردستانیش ئامانجی خۆیان لە بەرپا کردنی خۆپیشاندان لە دژی وڵاتانی ناوبراو هەبوو. کۆماری ئیسلامی سەرەتا بە ڕەسمی ڕێگای بە خۆپیشاندان لە ڕۆژی 3ی ڕەشەمە لەشاری سنە دابوو و لای وابوو کە دەتوانێ لە تورەیی خەڵکی کوردستان بەرانبەر بەو پیلانە کەڵك وەربگرێ و نیشانی بدات کە ئێران مەسەلەی کوردی تێیدا نیە و لایەنگری خەڵکی باقی بەشەکانی کوردستانە! بەڵام خەڵکی قارەمانی شاری سنە و زۆربەی شارەکانی کوردستان هەر لە سەرەتای خۆپیشاندانەکانیان دا دەستی ڕژیمیان خویندەوە و فورسەتی ئەو فریوکارییەیان پێنەدا و بەمجۆرە جاریکیتر نیشانیان دا کە کۆماری ئیسلامی ناتوانێ بە مەبەستی سیاسی خۆی مانۆڕیان پێبدات و کەڵکیان لێ وەربگرێت. بەپێچەوانە سەلماندیان کە ئەو ڕژیمە تەنیا بە زۆری سەرکوت، دەسەڵاتی خۆی لە کورستان ڕاگرتوە.

ڕۆژی 3ی ڕەشەمە زۆربەی شارەکانی کوردستان شاهیدی ئیعتراز و ناڕەزایەتی جەماوەری و گشتی بوو. لەم نێوەدا شاری سنە تایبەتی بوو. هەزاران کەس ڕژانە سەر شەقامەکان و لە دژی ئەمریکا، ئیسرائیل و تورکیە دروشمیان دا و ڕفاندنی "عەبدوڵڵا ئۆجالان" یان مەحکوم و ڕسوا کرد.

هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هەرلە سەرەتاوە وەك پیشەی هەمیشەیان بە نیگەرانی و کینە و تورەییەوە چاویان لە خرۆشانی جەماوری دەکرد و هێزی تایبەتیان بۆ کۆکردبۆوە و لەسەر بان و پەنای کۆڵانەکاندا دەست بە ماشە لە دژی جەماوەری خرۆشاو دامەزرابوون. خەڵکی ناڕازی ودڵ پڕ لە قین لە چوارچێوەی ویست و داخوازیەکانی کۆماری ئیسلامیدا نەمانەوە و هاوکات ئەو هەلەیان وەك هەر هەلێکی دیکە بۆ بەرز کردنەوەی دەنگی حەقخوازانەی خۆیان لە دژی ڕژیمی ئیسلامی ئێران بە کارهێنا و دروشم و داخوازی سەربەخۆی خۆیان هێنایەگۆڕێ.

هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کە تەحەمولی هیچ دەنگێکی ناڕەزایەتیان نییە، کاتێك کە زانیان جەماوەری حەقخواز لە چوارچێوەی خواستەکانی کوماری ئیسلامیدا بۆ بەربەست و کۆنترۆڵ ناکرێت پەلاماری دڕندانەیان بردە سەر خۆپیشاندەران لە شاری سنە وخۆپیشاندانی هێمنانە و حەقخوازانەی ئەوانیان شەلاڵی خوێن کرد. تەنانەت بە هلیکۆپتەر لە ئاسمانیشەوە تەقەیان لە خۆپشاندەران و خەڵکی شاری سنە کرد. هەر لەم شارە لانیکەم سێ کەس گیانیان لەدەس دا و بە دەیان کەس بریندار و ژمارەیەکی زۆریش گیران و ڕاپێچی ئەشکەنجەخانەکانی کۆماری ئیسلامی کران بۆ ئەزیت و ئازار و تۆڵە لێ سەندنەوە .

ئەوەی لەم نێوەدا جێگای تێرامان و پرسیار بوو، هەڵوێست و ڕای سەرکردایەتی (پ ک ک ) دەرحەق بەو ناڕەزایەتیە جەماوەری و ئینساندۆستانەی خەڵکی کوردستانی ئێران بوو. ئەو حیزبە دوای ئەوحەڕەکەتە جەماوەریەی شارەکانی کوردستان لە راگەیاندراوێکی ڕەسمی دا ئەوخەبات و خرۆشانەی مەحکوم کرد و بە دستکردی ئیمپریالیزم وسەهیۆنیزمی ناوبرد و لە دژی وەستا. ئەو هەڵوێستەی پارتی کرێکارانی کوردستان هەر ئەو کات لە راگەیەندراوێکی هاوبەشی کۆمەڵە و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دا وەڵامی پێ دراوە و مەحکوم کرا. خەڵکی کوردستانیش بە ڕق و تووڕیەوە چاویان لەو هەڵوێستەی پارتی کرێکارانی کوردستان کرد و وەك یەکێك لە هەڵە سیاسیەکانی ئەو حیزبە تۆمارکرا.

لەو رۆژەوە تا ئێستا 9 ساڵ دەگوزەرێ. لە ماوەی ئەم 9 ساڵەدا لە لایەکەوە خەباتی حەقخوازنەی خەڵکی کوردستان و ئێران چەند هەنگاو چۆتە پێشەوە ویست و وداخوازەکانیان رۆشنتر و یەکگرتوویان زیاتر بووە ولە لایەکی دیکەوە کۆماری ئیسلامی هەرچی زیاتر لە ئاستی جیهان وناوخۆی ولاتدا زیاتر تووشی گێژاو و بن بەست هاتووە. ئەمڕۆ خەڵکی کوردستان لە هەمووکات زیاتر بەو راستیە گەیشتوون کە دەوڵەتانی سەرکوتگەری ناوچەکە و لە سەرەوەی هەموویان کۆماری ئیسلامی و هەروەها زلهێزەکانی وەك ئامریکا وباقی وڵاتانی ئەمپریالیست ناتوانن ویست و ئاواتەکانی ئەوان بەدی بێنن. بەڵکوو ئەوەی کە گەیشتن بە ئامانجەکانیان مسۆگەر دەکات تەنیا خەبات وتێکۆشانی خۆیان و ریزی یەکگرتوویانە.

ئەمڕۆ ئیتر 3ی ڕەشەمە وەك رۆژێکی فەرامۆش نەکراو لە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان بە هەموو خاڵە لاوازو بەهێزەکانیەوە چاوی لێدەکرێت و یادی قوربانیانی ئەم روداوە بە یەکخستنی ریزەکانی خەباتی شۆڕشگێرانە، بە هۆشیاری و ئاگاهی بۆ لە گۆڕنانی یەکجاری کۆماری ئیسلامی ڕێز لێدەگیرێ.

***